## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـەنـاوی گـەلـەوە

بــڕیـــار

ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٠

بەپێی ئـەو دەسـەڵاتەی لـە برگـەی (١) ی مـاددەی (١٠) ی ( یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق )ی ژمارە (١) ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هـەموارکراو پێمـان دراوەو، بـە پاڵپـشتی ئـەو یاسـاکارییەی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٣) لە ٢٠١٠/١١/٩ بریارماندا بە دەرکردنی :

### یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١٠

### یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق و جێگرەکەی

**ماددەی یەکەم :**

سەرۆکی هـەرێمی کوردستان- عێراق مـووچەیەکی مـانگانە وەردەگرێت بڕەکـەی (١٥) ملیۆن دیناری عێراقیە .

**ماددەی دووەم:**

دەرماڵـەی مانگانـە دەخرێتـە سەرمووچـەی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق کـە دەکاتـە(٥٠٪)ی مووچەی مانگانەی .

**ماددەی سێیەم:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق لە کاتی خانەنشین بـوون، مووچـەی خانەنـشین وەردەگرێـت ، کـە دەکاتـە (٨٠٪) ی مووچەو دەرماڵەکەی .

**ماددەی چوارەم :**

جێگری سەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق مووچـەیەکی مانگانـە وەردەگرێـت کـە دەکاتـە (١٣) ملیـۆن دیناری عێراقی .

**ماددەی پێنجەم :**

دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێـراق کـە دەکاتـە(٥٠٪)ی مووچەی مانگانەی .

**ماددەی شەشەم:**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق لەکاتی خانەنشین بوون مووچەی خانەنشینی مانگانـە وەردەگرێـت کە دەکاتە (٨٠٪)ی مووچە و دەرماڵەکەی .

**ماددەی حەوتەم :**

پاش تەواو بوونی ئـەركی سـەرۆك یـان جێگرەكـەی ،حكومـەت هـەموو پێداویـستییەكانی نیـشتەجێ بـوون و پارێزگاری كردن و گواستنەوەی گونجاو و ،ئیمتیازاتی دیكەیان بۆ دابین دەكات ،ئەوانەی كە یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم یا نەریتی نیشتمانیی لەم حاڵەتانەدا دەیان بەخشێ.

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) جێبەجێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق**

**هـــەولـــێر :**

٨/ كانوونی یەكەم /٢٠١٠ی زایینی .

١٧/ ســـەرمـاوەز /٢٧١٠ی كوردی .

٢/ مـــحـرم /١٤٣٢ی كــۆچــی .

## هـۆیـەكـانـی دەرچـوانـدنـی

ئاماژە بەیاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عیراق ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هـەمواركراوو، لـەپێناوی دەست نیشان كردنی مووچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی ئەم یاسایە دەرچوێنرا .